# Course book of: Experimental Designs and Statistical Analyses

## Lecturer's name: Waleed Khalid Abdulkareem Baban

## Academic year: 2023-2024

Course book outline

| | |
|---|---|
| 1. Course name | Experimental Designs and Statistical Analyses |
| 2. Lecturer in charge | Dr. Waleed Khalid Abdulkareem Baban |
| 3. Department/ College | Psychological and educational Counseling / College of Education . |
| 4. Contact | E-mail: waleed.baban@su.edu.krd<br>Tel: +9647501927740<br>+ 9647725253769 |
| 5. Time (in hours) per week | For example Theory: 3<br>Practical: 1 SPSS-25V |
| 6. Office hours | 6 hours |
| 7. Course code | |
| 8. Teacher's academic profile | https://academics.su.edu.krd/waleed.abdulkareem |
| 9. Keywords | Experimental, Designs, Statistical, Research Methods |

Course overview

## دەروازەیێك دزاینەكانی تاقیكردنەوە

ڕێبازی تاقیكاری بە نزیكترین ڕێباز دادەنرێت بۆ ڕێباز و ڕێگای زانستی ، وبەباشترین ڕێبازی زانستی دادەنرێت ، وئەم خەسلەتە وای لە زۆر لە زانایان كردووە كە بڵێن ، تایبەتمەندی هەر زانستێك بەتاقیكردنەوەیە ، وئەو زانستەی تاقیكردنەوەی تێدا نەبێت ، بە زانست دانانرێت ، بەڵام ئەو ڕایە ڕایێكی توندڕەوە ، وناتوانین كاریپێبكەین چونكە ڕۆڵی چەندین زانست نكوڵ دەكات ، وتاقیكردنەوە سەرچاوەی هەموو بـــڕوایێكی زانستیە ، چوونكە ڕێبازی تاقیكاری دەرفەت دەدات توێژەران بۆ گەیشتن بە زانیاری لە ڕێگای تاقیكردنەوە .

وبـــەهای ئـــەم ڕێبـــازە بـــەرزتر دەبێتـــەوە ئەگـــەر لـــە زانســـتە دەروونـــی وكۆمەڵایەتیـــەكان دا بـــەكاربهێنرێت ، بـــەهۆی ئـــاڵۆزی وئاســـتتەنگی و پـــەرت وبڵـــاوی ئاراســـتەو بوارەكانیـــان ، سەرەرای خێرای گەشەكردنیان .

وئـــەو زانســـتە پراكتیكیانـــەی ، كـــە پشـــت بـــە ڕێبـــازی تاقیكـــاری دەبەســـتن ، زیـــاد ئاســـانتر دەبێتـــەوە ، چـــوونكە لەگـــەڵ شـــتی هەســـپێكراوو دا مامـــەڵت دەكـــات ، بە پێچـــەوانەی ئـــەو زانســـتانەی كـــە پشـــت بـــە بیركردنـــەوەیێكی ڕووت دەبەســـتن ، لەبـــەر ئەمـــە زانســـتە ڕەســـەنەكان ، ئەو زانستانەن كە ڕێبازی تاقیكاری بەكاردەهێنن .

### گۆڕاوەكان

جێگەی باسە كە گۆڕاوەكان بە بڕبڕەی پشتی گشت توێژینەوەكان دادەنرێت ، وگۆڕاو پێناسە دەكرێت بە هەمو شتێك یاخود سیفەتێك یاود خاسیەتێك كە توانای گۆڕانی هەیە لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی تر ولە ئاستێك زیاتری هەبێت ، چونكە ئەگەر تەنها یەك ئاستی هەبێت وتوانای گۆڕانی نەبێت لە ڕەوش ودۆخێكەوە بۆ ڕەوشێكی تر ئەوە بە جێگیر دادەنرێت ( **پابت** ) .

وله پەروەردە ودەروونزانی دا گۆڕاوەكان چەندین جۆریان هەیە كە بەشێوەیێكی گشتی لە سێ جۆری سەرەكیدا پۆلێن دەكرێن وئەم شێوەیەی لەلای خوارەوە : -

یەكەم / پۆلێنكردنی گۆڕاوەكان بە پێی بەهاكانیان ، بەشێك لە گۆڕاوەكان بەها ونرخیان هەیە ، واتە لە ئەم جۆرەدا بە پێی یەكەی ژمارن پۆلێن دەكرێت ، لەبەر ئەوە ئەم پۆلێنە چەند جۆرێك لە

خۆ دەگرێت وبە ئەم شێوەیەی لەلای خوارەوە : -

1- گۆڕاوە بەردەوامەکان ( المتغیرات المستمرة ) Continuos Varibles

ئەم گۆڕاوە پێناسە دەکرێت بە بەهایێکی ژمارەی لە مەودایێکی دیاریکراوو دا بەردەوامی ودرێژای وەردەگرێت ، واتە ئەم جۆرە گۆڕاوانە ئەو گۆڕاوانەن کە ناتوانین بە شێوەیێکی وردبین بەهاکەی دیارییکەین وەك ( دەستکەوتەی خوێندن ، ڕێژەی زیرەکی ، تەمەن .... ) .

ولە مامەڵتکردنی ئاماری بۆ نمرەکانی ئەم جۆرە گۆڕاوانە ( + 0.5 ) یان ( - 0.5 ) بەکاردەهێنین بەهۆی ئەوەی هەر چەند یەکە پێوەریەکەمان بچوك وردبین بێت ئەوە هێشتا ناگەینە ئەوپەری بەهاکان ولەوانەیە یەکەی بچوکتر هەبێت ، بۆ نمونە گەر بێت وبڵێن تەمەنی کەسێك ( 25 ) ساڵ بێت ، بەلام لەوانەیە ( 25 ) ساڵ زیاتر بێت بە چەند مانێك وچەند هەفتەێك وچەند رۆژ ، وچەند سات وخولەك وچرکە وبەشکانی چرکە بێت ، یاخود بە چەند مانگ ورۆژ وهەفتە و..... هتد ، کەمتربێت ، کەواتە بۆ ( 0.5 ) نزیکی دەکەینەوە ولە بری ئەوەی بڵێن تەمەنی ( 25 ) ساڵە دەڵێن تەمەنی ( + 24.5 ) یان ( - 24.5 ) .

2- گۆڕاوە بڕاوەکان ( المتغیرات المتقطعة ) Discrete Varibles

بەهایێکی ژمارەی لە مەودایێکی دیاریکراوو دا بەشێوەیێك کە هەر بەهایێکی دیاریکراوە وهیچ بەهایێکی زیادتری نییە ، وەك رەگەز پێکهاتووە لە ( نێر  مێ ) ، ژمارەی خویندکارانی پۆلێك ، ژمارە ئەندامانی خیزان ... هتد ، واتە کە دەلێن ژمارەی خویندکارانی پۆلێك لە ( 35 ) خویندکار بێکهاتووە ناکرێت بلێن ( 35.5 ) یان ( 34.5 ) .

3- گۆڕاوە گواستراوەکان ( المتغیرات المحولة )

ئەم جۆرە گۆڕاوانە لە ڕەگەزا گۆڕاوی بەردەوامن بەڵام پاش پێوانەکردن دەبڕێت وپچرپچر دەکرێت بۆ گۆڕاوی بەراوە ، وەك دەستکەوتەی خویندن دەبرێت بۆ ( دەرچوو  دەرنەچوو ) ، یاخود دابەشکردنی ڕێژەی زیرەکی وبە پێی ئەو نمرانەی کە دەستمان دەکەوێت بۆ زۆر زیرەك وزیرەك و ناوەند ودەبەنگ وبیرکۆڵ .... هتد .

دووەم / پۆلێنکردنی گۆڕاوەکان بە پێی پەیوەندی نێوانیان

ئاشکرایە کە دیاردە دەروونی وپەروەردەییەکان لە ڕێگەی پەیوەندی وکاریگەری ئەو

گۆڕاوانــەوە درووســت دەبێــت بەرپــسن لــە دروســتبوونی ، وئــەو پەیوەندیانــە زۆرن وهــەر چــەند هوڵبــدەین نــاتوانین گشــتیان دیاریبکــەین بــەهۆی جۆراوجــۆری پەیوەندیــەکان ، بــەڵام ئــەو پەیوەندیانە بەهۆی سێ گۆڕاوە دروست دەبێت کە ئەمانەی لە لای خوارەوەن : -

1- گۆڕاوە سەربەخۆکان ( المتغيرات المستقلة ) Independent variable

ئــەم جــۆرە گۆڕاوانــە کاریگــەری دەکەنــە ســەر گۆڕاوەکــانی تــر بــە کاریگــەری ناکرێتــە سەریان ، وتوێــژەر توانــای کــۆنترۆلکردنی هەیــە لــە رێگــەی دیــاریکردنی بەهاکــەی وبــە پێــی خواســت وئاما نجــەکانی توێژینەوەکــەی ، وەك زیرەکــی کاریگــەری دەبێتــە ســەر دەستکەوتەی خوێندن .

2- گۆڕاوە پاشکۆکان( شوێنکەوتەکان ) ( المتغيرات التابعة )variable dependent

ئەم گۆڕاوە هیچ جۆرە کاریگــەرێك ناکاتــە ســەر گۆڕاوەکــانی تــر ، بــەڵکو خــۆی دەکەوێتــە ژێــر کاریگــەری گــۆڕاووی ســەربەخۆە ، وهەنــدێك جــار دەکەوێتــە ژێــر کاریگــەری گــۆڕاوی هاتووەناوە بە جۆری سێەم دادەنرێت لە جۆرە پۆلێنکردنەدا .

3- گۆڕاوی هاتووەناوەکان ( المتغيرات الدخيلة )

ئەو جــۆرە گۆڕاوانەیــە کــە کاریگــەری دەکاتــە ســەر گــۆڕاوی پاشــکۆ ودەرئە نجامــەکان دەگۆڕێــت ، وئەوەی جیگەی ئاماژەیــە کــە ئــەم جــۆرە گۆڕاوانــە نــەخوازاون لــە لایــەن توێژەرانــەوە بــە هــۆی ئەوەی کە بە خواستی ئــەوان ئــەو کاریکەریــە ناکاتــە ســەر گــۆڕاوی پاشــکۆ ، بــەڵکو ئــەم جــۆرە داخلــی توێژینــەوکان دەبێــت ودەرئە نجامەکانیشــی دەگۆڕێــت ، بــۆ نمونــە گــەر بمانــەوێت توێژینــەوێك ئــە نجام بــدەین لەســەر جێبــەجێکردنی بەرنامەیــەك بــۆ فێربــوونی نوســینەوەی لەلای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی وکە دواکەوتوون لە نووسین دا .

توێژەرەکە دەیەوێت کاریگــەری ئــەو برنامەیــە دەربکــات بــۆ ئــەوەی بزانێــت بەســوودە لــە کــاتی بــەکاهێنانی دا بــۆ فێرکردنــی نوســینەوە لــەلای خوێنــدکارانی قۆنــاغی ســەرەتایی ، وئــەم برنامەیــە مــاوەی شــەش مــانگ تــاوەکو ســاڵێك دەخایــەنێت ( 6-12 ) مــانگ ، لــە کۆتــایی جێبــەجێکردنی بەرنامەکــە بــۆ توێژەرەکــە دەرکــەوت کــە ئــەو خوێندکارانــە فێــری نوســینەوە بوونە ، دەرئــە نجامی ئــەم تــاقیکردنەوەیــە ئــەوە دەگەیــەنێت کــە بەرنامەکــە کاریگــەرە ، بــەڵام لەوانەیــە فێربــوونی نوســینەوە لەلایــەن ئــەو خوێندکارانــە بــەهۆی بەرنامەکــەوە نــەبووبێت

بەڵكو بە هۆی هۆكـــاری تـــرەوە بێـــت وەك فێركردنیـــان لەلایـــەن خێزانیانـــەوە یـــاخود كەســـانی تـــر یاخود بەهۆی ئـــەو مـــاوە زۆرەی كـــە تـــاقیكردنەوەكـــە خایەنـــدی واتـــە بـــەهۆی پێگەیشـــتنی دەســـت و پە نجەكانیانەوە بێت كە پێشوتر وەك پێویست گەشەیان نەكردبو .

واتـــە ئـــەو ئەزموونـــەی كـــە نموونەكـــە لـــە دەرەوەی تـــاقیكردنەوەكـــەوە پیایـــدا تێپـــەڕیون وای كـــردوە كـــە دەرئـــە نجامی پـــاك وڕاســـت ودروســـتمان دەســـتنەكەوێت كـــە دەبوایـــە تـــەنها بـــەهۆی گۆڕاوی سەربەخۆوە بێت .

سێیەم/ پۆلێنكردن بە پێی سەرچاوەكانیان

بـــە پێـــی ئـــەم پۆلێنكردنـــە گۆڕاوەكـــان بـــە جـــۆرەی ئـــەو سەرچـــاوەیەوە دەبێـــت كـــە دەوروژێنێـــت لێرەدا سێ جۆرمان هەیە كە ئەمانەی لەلای خوارەوەن : -

1- گۆڕاوە ئاگاداركەرەوەیەكان ( المتغيرات التنبيهية ) Stimuli Variables


سەرچاوەی ئەم گۆڕاوانە ژینگـــەوە ، واتـــە لـــە خاســـیەتی ئـــەو شـــتانەی كـــە لـــە دەورمانـــە وەك روناكی ، كەش وهەوا ... هتد .

2- گۆڕاوە رەفتارییەكان ( المتغيرات السلوكية ) Behavioral Variables

هـــەموو ئـــەو گۆڕاوانـــە دەگرێتـــەوە كـــە لـــە رەفتـــاری كەســـانی تـــرەوە دەردەكـــەوێت ، وەك رەفتاری شەڕەنگێزی ، سۆز .... هتد .

3- گـــۆڕاوە ئەندامییـــەكان یـــان ئۆرگانییـــەكان ( المـــتغيرات العضـــوية ) Organisime Variables

گشت ئەو گۆڕاوانە دەگرێتەوە كـــە لـــە كۆندامـــەكانی مـــرۆڤ خۆیـــەوە دروســـت دەبێـــت ، واتـــە بـــە پێچـــەوانەی دوو جـــۆری پێشـــووترە كـــە سەرچـــاوەكانیان دەرەكییـــە ، بـــەڵكو سەرچـــاوەی ئـــەم گـــۆڕاوە ناوەكییـــە ، وەك كـــێش ، باڵـــا ، ئـــەو گۆڕانكارییـــە فزیۆلۆجیەكان وەك بەرزبوونەوەی رێژەی شەكرە وبەستانی خوێن ... هتد .




## Course objective

## ئامانجی کۆرسەکە

1. ناساندن بە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە بیش وپاش دەرکەوتنی رێبازی زانستی .
2. ناساندن بە جۆرەکانی گۆڕاووەکان وچونیەتی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاووە نەخوازراوەکان .
3. راهێنانی خوێندکاران لەسەر توێژینەوە تاقیکارییەکان لە بوارەکانی دەروونزانی دا .

## Student's obligation

The student must prepare himself to be evaluated through the following academic activities:

- The following examinations:
1- A short daily test (kuese).
2. End of course examinations.
3. As well as writing reports.
4. Implement the practical activities required by the training

course.

## Forms of teaching

Indications used Display movies, Whiteboard, casual, Data Show, laboratory experiments.

## Evaluation

The grades are distributed as follows:

- Participation in activities (10) grades for each Course.

- One exam Efter the end of the two Courses (30) degree.

- The final exam (60) degree.

### The topics

| No. | Title of the subject | weeks | Tutor’s name |
|---|---|---|---|
| 1 | دەروازەيێك دزاينەكانى تاقيكردنەوە + رەوشتى ئە نجامدانى تاقيكردنەوە +<br>گرنگى ئەدەبيات وتويێژينەوەكانى پيێشوو | 1 | Dr. Waleed Baban |
| 2 | خاسيەتەكانى ڕێبازى تاقيكارى + كەموكورتييەكانى ڕێباز<br>تاقيكارى + مەرجەكانى ئەنجامدانى تاقيكردنەوە +<br>جۆرەكانى تاقيكردنەوە | 2 | Dr. Waleed Baban |
| 3 | گرووپەكانى تاقيكردنەوە و كۆنترۆڵكراو + شێوازەكانى<br>گرووپى تاقيكردنەوە + گريمانەكان لە توێژنەوە تاقيكاريەكاندا | 3 | Dr. Waleed Baban |
| 4 | تاقيكردنەوەكانى :<br>1- پێشى 2- پاشەكى 3- بەدواچوونيەكان +<br>گۆڕاوەكان لە توێژينەوە تاقيكاريەكاندا :<br>1- سەربەخۆ 2- پاشكۆ 3- هاتووە ناوە | 4 | Dr. Waleed Baban |
| 5 | دروستى ناوەكى | 5 | Dr. Waleed Baban |
| 6 | دروستى دەرەكى | 6 | Dr. Waleed Baban |
| 7 | تاقيكردنەوەى ميد تێرم | 7 | Dr. Waleed Baban |
| 8 | دزايەنەكانى تاقيكردنەوە وە شيتەڵكردنەوە ئامارىەكانى<br>دزاينە پێش تاقيكردنەوەييەكان | 8 | Dr. Waleed Baban |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 9 | دزاینە تاقیگەییەکان + دزاینە نیمچە تاقیگەییەکان | 9 | Dr. Waleed Baban |
| 10 | دزاینە فاکتەریەکان دزاینە تێکەڵەکان<br>دەزانە گرووپە هاوسەنگەکان<br>دزایینی چوارگۆشەی لاتینی هەوسەنگ | 10 | Dr. Waleed Baban |
| 11 | دەزانی  پێوانە دووبارەییەکان<br>شیتەڵکردنەوەی جیاوازی  یاخود شیتەڵکردنەوەی جیاوازی هاوبەش | 11 | Dr. Waleed Baban |
| 12 | دزاینی کەرتە هەڕەمەکییەکان | 12 | Dr. Waleed Baban |
| 13 | قەبارەی کاریگەری | 13 | Dr. Waleed Baban |
| 14 | ئەکتیڤی تاقیکردنەوەکان | 14 | Dr. Waleed Baban |
| 15 | تاقیکردنەوەکانی کۆتایی کۆرس | 15 | Dr. Waleed Baban |

## Coursework and exams

A two paragraphs description of the types and methods of the Exams:

Type of the exam (composition, multiple choices…etc.)

- Exam's duration (90 minutes)
- The number of the questions and how the marks are distributed.
- (3-)6 questions
- How to mark the Exam papers. (1-5) marks

The answer should contain preface, main contents and conclusion.

1. ***Compositional:*** In this type of exam the questions usually starts with Explain how, What are the reasons for…?, Why…?, How….?

With their typical answers Examples

should be provided

2. ***True or false type of exams:***

In this type of exam a short sentence about a specific subject will be provided, and then students will comment on the trueness or falseness of this particular sentence.

Examples should be provided

3. ***Multiple choices:***

In this type of exam there will be a number of phrases next or below a statement, students will match the correct phrase.

Examples should be provided.

## Rules and instructions to be followed by students for exams (optional)

- To read the questions twice
- Think carefully before answering
- Plan the answer on a separate paper

## نمونەی پرسیارکان

پ1/ توێژەرێك سێ گریمانەی تاقیکردەوە . ولە باشاندا ئەم بڕیارانەی لەلای خوارەوەی دا سەبارەت بە قبولکردنیان یاخود ڕەتکردنەوەیان ، ئایە بڕیارەکانی درووستە ؟ وئەگەر درووست نییە جۆری هەڵەکەی دیاری بکە .

1 گریمانەی سفری قبوولکردووە . هەر چەندە گۆڕاووی سەربەخۆ کاریگەری هەبووە .

2 گریمانەی سفری قبوولکردووە . هەر چەندە گۆڕاووی سەربەخۆ کاریگەری نەبووە .

3 گریمانەی سفری ڕەتکردۆتەوە . هەر چەندە گۆڕاووی سەربەخۆ کاریگەری نەبووە .

پ2/ دڵەڕاوکێی تاقیکردنوە وکاریگەری لەسەر نمرەی دەرچوون لە لای خوێندکارانی زانکۆ . ئەمە ناونیشانی توێژینەوەێکە چۆن ئەم خاڵانەی لە لای خوارەوەی بۆ دارێژیت ؟

1 پێناسەی کرداری تاقیکاری .

2 پێناسەی کرداری پێوانەیی .

3 گریمانەی لەبری .

4 گریمانەی لەبری ئاراستەکراوو .

5 گریمانەی سفری .

پ3/ أ - پێداچوونەوەی ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوتر ، یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە ، ئایە ئەم هەنگاوە چ سوودێك بە توێژەران دەبەخشێت ؟ بیانژمێرە .

پ3/ ب - بۆ چی دووبارەکردنەوە بە مەرجێکی گرنگ وسەرەکی دادەنرێت لە ڕێبازی تاقیکاری دا ؟

پ4/ ئەم بۆشاییانەی لەلای خوارەوە بە وشەی گونجاوو پڕبکەرەوە .

① بوونی گۆڕاووی هاتووە ناوە دەبێە هۆی ____________ وکەمبوونەوەی ____________.

② توێژەران بۆ ئەوەی ڕێگە بە گۆڕاووی هاتووە ناوە نەدەن دەتوانین بە یەکێك لە ئەم شێوازانە کۆنترۆڵی بکەن: ____________ و ____________ و ____________.

③ نموونەی هەڕەمەکی چیندار لەحاڵەتی کۆمەڵگا ــــــــــــــــ دا بەکاردەهێنرێت ، وسێ جۆری هەیە :
جۆری هەڵبژاردنی ــــــــــــــــ وهەڵبژاردنی ــــــــــــــــ هەڵبژاردنی ــــــــــــــــ .

④ تاقیکردنەوە بە تێبینی ــــــــــــــــ دەستپێدەکات .

پ5/ جۆری وانە وتنەوە وکاریگەری لەسەر دەستکەوتەی خوێندن لە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی . ئەمە ناونیشانی یەکێك لە توێژینەوەیێکە کە سێ شێوازی وانە وتنەوەی (پرسیار و وەڵام ، موحازەرە ، گفتوگۆکردن) تێدا تاقیکراوەتەوە وبە ئەمشێوەیەی لەلای خوارەوە ئەنجامدراوە :

❶ سێ گرووپی تاقیکردنەوەی تێدا بەکارهێنراوە کە وەك پێوویست هەڵبژێردراوە .
❷ گروپی کۆنترۆڵکراووی تێدا بەکارنەهێنراوە .
❸ وهەر گروپێك بە هەر سێ شێوازە کە وانەی پێ وتراوەتەوە .
❹ هەر ڕێگەیێکی وانە وتنەوە لە لایەن مامۆستایێکەوە وتراوەتەوە .
❺ ماوەی ساڵێکی خوێندنی خایەندووە .
❻ هەر ڕێگەیێکی وانە وتنەوە دوو تێستی جیاوازی بۆ ئامادەکراوە (پێشی ودوایی) واتە تێستەکان هاوشێوەنیین .
❼ هەر شێوازێکی وانە وتنەوە لە هۆڵێکی جیاوازدا ئەنجامد راوە .

**<u>ئایە</u> ؟ ؟ ؟**

① دووستی ناوەکی تێدا هەیە ؟ وئەگەر تێیدا نییە چوار هەڕەشە بۆ سەر درووستی ناوەکی ناووبنێ .
② وئایە بەکارنەهێنانی گرووپی کۆنترۆڵکراوو بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە کارێکی درووستە ؟

## Course Reading List


- - ابراهيم ، عبد الوهاب . **كتابة البحث العلمي: صياغة جديدة** ، (1987) ، دار الشروق ، جدة – المملكة العربية السعودية .
- أبو حطب ، فؤاد ، آمال صادق ، **مناهج البحث وطرق التحليل الاحصائى فى العلوم النفسية والتربوية والاجتماعية** ، (1991)، مكتبة الأنجلو المصرية .
- أبو علام ، رجاء محمود ، **مدخل الى مناهج البحث التربوي** ، (1989)، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع ، الكويت .
- أبو الفتوح ، عطية ، **منهجية البحث العلمي وتطبيقاتها التربوية والنفسية** ، (1996 ) ، دار النشر للجامعات ، القاهرة .
- آل مراد ، نبراس يونس محمد ، **أثر استخدام برنامج بالألعاب الحركية والألعاب الاجتماعية والمختلطة في تنمية التفاعل الجتماعي لدى أطفال الرياض بعمر (5 – 6) سنوات** ، (2004) ، اطروحة دكتوراه ، كلية التربية الرياضية – جامعة الموصل .
- الباج ، خليفة ، **طرق البحث العلمي والتربية البيئية** ، (1992)، جامعة قاريوتس– ليبيا .
- بدر ، أحمد ، **أصول البحث العلمي ومناهجه** . (1996 ) ، المكتبة الأكاديمية - القاهرة .
- بدر، أحمد ، **مناهج البحث** (1998). دار المريخ – الرياض .
- حامد ، خالد ، **منهج البحث العلمي**، (2003)، الطبعة الثانية ، دار ريحانة للنشر والتوزيع - الجزائر،
- جابر ، جابر عبد الحميد ، أحمد خيري كاظم ، **مناهج البحث في التربية وعلم النفس** ، (1973) ، دار النهضة لعربية – القاهرة .
- 
- شلبي ، أحمد ، **كيف نكتب بحثا أو رسالة** ،( 1987 ) ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة .
- شمال ، صفوت ، **مناهج البحث** ، ( 2004 )، مطبعة الفكر - تونس
- دويدار ، عبد الفتاح محمد ، **أسس علم النفس التجريبي** التجريب ومناهج البحث والقياس . (1995) ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر ، بيروت - لبنان .
- دويدار ، عبدالفتاح محمد ، علم النفس التجريبي المعملي وأطره النظرية وتجاربه المعملية في الذكاء والقدرات العقلية . (1997) ، المكتب العلمي للكومبيوتر والنشر والتوزيع ، الاسكندرية – مصر .
- راجح ، احمد عزت ، **اصول علم النفس** ، 1968 ، الطبعة السابعة ، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر ، الاسكندرية – مصر .
- الشيباني , عمر , **مناهج البحث الاجتماعي** , 1989، منشورات المنشأة الشعبية , الجماهيرية الليبية.
- صالح ، احمد زكي ، **علم النفس التجريبي** (1972) ، الطبعة الاولى ، القاهرة .
- خليفة ، شعبان عبد العزيز ، **المحاورات في مناهج البحث** . (1998) ، الدار المصرية اللبنانية – القاهرة .
- الشمري ، جاسم فياض . **علم النفس التجريبي** ، (2002) ، بغداد
- عباس ، فيصل ، **اساليب دراسة الشخصية التكنيكات الاسقاطية** .1990 ، دار الفكر اللبناني بيروت ط1 .
- عبدالهادى ، محمد فتحى ، **البحث ومناهجه فى علم المكتبات والمعلومات**. (2005) ، الدار المصرية اللبنانية ـ القاهرة .

- **عـلام** ، صــلاح الـدين محمـود : **(القيــاس والتقـويم التربـوي والنفســي : أساســياته وتطبيقاتــه وتوجهاتهالمعاصرة)** ، 2000 ، دار الفكر العربي ، القاهرة – مصر .
- **عوض** ، عباس محمود : **(القياس النفسي بين النظرية والتطبيق)** ، 1998 ، دار المعرفة الجامعية ، الأسكندرية – مصر .
- العنيزي ، يوسف وآخرون ، 1999 ، **((منـاهج البحث التربـوي بـين النظريـة والتطبيـق))** ، الطبعة الأولى ، مكتبة الفلاح ، الكويت .
- عودة ،احمد سليمان ، فتحي حسن ملكاوي ، **أساسيات البحث العلمـي فـي التربيـة والعلـوم الانسـانية** . (1992) ، الطبعة الثانية ، مكتبة الكتاني ، أربد – الاردن .
- فهمي ، محمد سيد ، **قواعد البحث فـي الخدمـة الاجتماعيـة** ، (2000) ، المكتب الجامعي الحديث ، مصر .
- مايرز ، آن ، **علم النفس التجريبي** ، (1990) ، ترجمة ، ابراهيم البياتي ، مطبعة جامعة بغداد ، بغداد
- النابلسي ، لقاء ، **مفهوم النظرية والتجريب** ، (2007) ، دار النشر والتوزيع ، أربد – الاردن .

Black, J, & Dean, A. Champion, J, **Methods and Issues in Social Research,** John Wiley and Sons, New York, 1976

Brukem R. Johnson, **University of Alabama, College of Education**, (2004).

Campbell, D. T. **Factors relevant to the validity of experiments in social settings** . 1957.

Chava Frankfort- Nachmias and David Nachmias, **Research Methods in the social Sciences** ,New York(1992)

Cohen, L. and Manion.L**. Research Methods in education**, London: Routlledge. (1994)

McMillan, J.H. and Schumacher,s . **Research in education: A introduction** . Boston: Little, Browen and Company, 1984.

M, Millan, J.H and Wergin, J.F . **Understanding and Evaluating Educational Research** . Prentice-Hall (1998) .

Murphy, G, **The Future of Sociale Psychologt in historical perspective, In Klineberg, and Christie: perspectives in Social Psychology** . New York: Holt 1965.

Kerlinger, F.N. **Foundations of behavioural research**. 1973, New York: Holt , Rinehart and Winston .

Selltiz , C., et al: **Research Methoods in Social Relations** , Henry Holt. 1960 .

Torchim, William M, **The Research Method Knowledge Base**, opic.cit

Corso, John F. **The Exprimental Psychology** . 1967 , New York: Henry Holt & Comoany .

**Name:** Waleed Khalid Abdulkareem Baban
**Scientific title:** Assistant Professor
**University:** salahaddin /hawler
**College:** Education .
**Department:** Psychological and educational Counseling
**E-mail: e-mail:** waleed.baban@su.edu.krd
**Mobile:** +9647501927740
**Date:** 2023/10/15

**Signature**